

ڕاگەیاندنی سەنتەری منالآن سەبارەت بە خراپی باری قوتابخانەکان ، بۆ بەردەستی دەسەلآتداران!!

# لە نێوان قودســـەکەو دڵـــەکەی کوردستانا ، بەدبەختی ڕوو لە منالآنە

ئەو وێنانەی دەیانبینن ، وێنەی قوتابخانەیەکی کوێرە لادێیەکی گەرمیان نییە کە هێشتا نەئاوو نە کارەباو نەهیچ خزمەتگوزاری و ئاوەدانییەکی بۆ چوبێت. بەڵکو ئەوا قوتابخانەی سارای سەرەتاییە لە شاری کەرکوك لە گەڕەکی حوڕیە، کە منالآن لە کاتی هاتوچۆیاندا بۆ قوتابخانە ئەبێت بە هەزار"ئەلآورمان لە جێی نەرمان" بپەڕنەوە بەسەر بەردە بازەکاندا و زۆر جاریش ئەکەونە ناو قوڕو لیتەی سەر ڕێی قوتابجانەکەیانەوە، ئیتر ئەوەندەی تر خێرو بەرەکەت لە ماڵەوە و لە قوتابخانەدا بەسەریاندا دەڕژێت.

ئەم قوتابخانەیە نمونەیەکە لە خراپی قوتابخانەکانی ئەو شارەی کە لە نێوان دوو سێ حکومەتدا سەریان لێشێواوەو یەکێك دەڵێ قودسی کوردستانەو ئەویتریش دەڵێ دڵی کوردستانە ئەوی تریشیان دەڵێ کەرکوك مەدینەی ئیخوەیە لە نێوان کوردو عەرەب و تورکمانا!! خەڵکەکەش وە بەتایبەتی منالآن لە نێوان ئەم قودس و دڵەدا بەشیان مەینەتی و بەدبەختیە. نەم قوتابخانەیە نەك هەر هیچ پێداویستییەکی قوتابخانەی سەردەمی تێدا نییە، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە کەمو کوڕی هەیە.



تەختەکان بە سێ ریز لەم پەنا و ئەوپەنای دیوارەکەو لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانراون ، ئەمە جگە لەوەی کە منالەکانیش سێ سێ بە تەنیشت یەکەوەو بەریز دائەنیشن و جێگاکانیان زۆر تەنگ و سەغڵەتە.

ژمارەی قوتابییەکانی ئەم قوتابخانەیە 464 قوتابییە، هەندێ پۆلیش هەیە کە ژمارەی قوتابیان تێیدا دەگاتە 57 قوتابی.

سەرباری ئەم وەزعییەتە خراپەی کە منالآن هەیانە لەو قوتابخانەیەدا ، ئێمە لە سەنتەری منالآن ئاگادار کراین کە لەو قوتابخانەیەدا زۆرێك لە مامۆستاکان لێدان و توندوتیژی بەکار ئەهێنن لەبەرامبەر قوتابییەکانداو یەکێك لە خراپترین نموونەکانی ڕەفتارو مامەڵەی خراپ و توندو تیژی تێیدا بەڕێوە دەچێت. نەك هەر ئەمە بەڵکو شکاندنی حورمەت و کەسایەتی ئەو منالآنەی کە ئاستی زانیاری و ووشیاریان لەهی ئەوانی تر لەخوارترە ، کارێکی ئاسایی ڕۆژانەیە لە لایەن مامۆستایانەوە.

شایانی باسە سەنتەری منالآن ماوەیەکە دەستی داوەتە سەردانی بەشێك لە قوتابخانەکان لەشاری کەرکوك بۆ قسەو باس لەگەڵ مامۆستایان و بەڕێوەبەراندا لە پێناوی نەهێشتنی توندو تیژی و لێدان و سوکایەتی بە منالآن. پێویستە ئەوەش بلێێن کە دوای چەندین سەدان بۆ قوتابخانەیەك و قسەوباس لە گەڵیاندا مامۆستاکان بە هاوکاری نوێنەرانی سەنتەری منالآن دارەکانیان شکاندووەو بەڵێنیان داوە کە چیتر ڕفتاری خراپ لە دژی منالآن بەکار ناهێنن . وێڕای

**تەقدیرمان بۆ مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە هیواداریین کە مامۆستایانی قەتابخانەکانی تریش بۆ فێربونی منالّەکان پەنا نەبەنەبەر لێدان و توندو تیژی و لێدان.**

**بۆ باش کردنی وەزعیەتی قوتابخانەکان، منالاّن ، مامۆستایان و پەروەردەو فێرکردن ، ئێمە دەنگی خۆمان دەخەینە پالّ دەنگی منالاّنی قوتابخانەی سارا ی سەرەتایی و هەموو قوتابخانەکانی تری شاری کەرکوك و ،ڕوودەکەینە دەسەلاّتدارانی شاری کەرکوك: کوا ئەو هەموو وەعدو بەلّێن و قسە بریقەدارانەتان کە بە ئێەتان دا ؟ ئێوە لە کاتی هەلّبژرادنەکاندا واتان نیشاندا کە قودس و دلّەکەی کوردستانمان بۆ دەڕازێننەوە و کاری خزمەتگوزاری نامێنیّ بۆمان نەکەن! کەچی دوای ئەوەی دەسەلاّت و کورسییەکانتان بەدەست هێنا و لە جێگەی خۆتان مانەوە، هیچتان بۆمان نەکرد و ژیان و گوزەرانمان ، قوڕولیتەو زێرابی پەنگ خواردوو زبلّدانی بەر خۆێندنگاو مالّەکانمان ، مێشکی کاس کردوین و ژیانی لێتالّ کردوین . ئێوەش لە جێی گەرمی خۆتانن و باکی ئێمەتان نییە.**

**شێرزاد فاتح**
**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاّن**
www.santarimnalan.com